

سیروان رەحیم

# ئێمه رۆشنبیرین!

له یەکێک له گەڕەکەکانی شارێک، شارێک له نیشتمانەکەی خۆمان، له کاتی گفتوگۆدا، گوێم لێ بوو چەند جارێک کەسێک دەیگوت: "دانیشتووانی ئەم گەڕەکەی ئێمە هەموو رۆشنبیرین".

... له ئەوروپا زۆرن ئەوانەی پێنج زمان دەزانن، رۆژانه کتێب یان رۆژنامه دەخوێننەوە، بەردەوام دەچنه سینەما و سەردانی مۆزەخانه دەکەن، کەچی هاوکاتیش دەپرسن: ئایا ئێمه رۆشنبیرین یان نا؟

بەڵام یارۆی خۆمان نه رۆژنامه دەخوێنێتەوە، نه کتێب له ماڵیدا هەن، نه ساڵی جارێک فیلمێک تەماشا دەکات، نه مۆزەخانەش شتێکه له بیرکردنەوەیدا هەبێت، کەچی سەرباری خۆی و خانەوادەی، هەموو گەڕەکەکەشیان لەگەڵ پۆلی رۆشنبیراندا دەخاته پاڵ. بەمەرجێک نەک لەو گەڕەکە هەر له شارەکە خۆیدا کەم کەس دەخوێننەوە و زۆر کەم رۆشنبیربوونیان بۆ خەمه. تیراژی بڵاوکراوە و کتێب له نیشتمانی ئێمه ئەو راستییەمان به روونی پێ دەڵێن. ئیتر نازانم ئاستی رۆشنبیریی "تێگەیشتن و حاڵی بوون" لەو گەڕەک و له شارە له کوێدایە؟

بەر لەوەی ئێمه قسه لەسەر بابەتی رۆشنبیربوون و نەبوون بکەین، با تێڕوانینێکی ژۆزێف شومپێتەر

١٨٨٣/٢/٨ هەتا ١٩٥٠/١/٨ ئابووریناسی ئۆتریشی- ئەمریکایی و خاوەنی بیردۆزەی گەشەی ئابووری بەسەر بکەینەوە.

بۆ شارەزای ناوبراو:

" رۆشنبیر کەسێکە، لە ئاخافتن و نووسین حاڵی دەبێ و بە رەخنەکانی شتگەلی گەلێری و نێو خەڵک دەکات بە مایەی لێدوان و قسە لەسەرکردن. شتگەلێک کە لە دەرەوەی دەستپێشخەری و لێپرسراوێتی خەڵکدایە. شانسی سەرکەوتنیان وابەستەی کارابوونی رەوایەتی نرخگەلی کۆمەڵە، دیارە بەر لە هەموو شتێک پێوەستە بە کارابوونی لێدوان و قسەکردنی رۆشنبیر خۆیەوە."

خۆ بە رۆشنبیر زان، گەڕەک و شار بە رۆشنبیر زان، کارەساتێکی گەورەی نەزانین و بێ ئاگاهییە

بێگومان قسەکردن سەبارەت بە رۆشنبیر "بوون و نەبوون" بابەتێکە پێچیدە. ئێمە بێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە بۆچوونی شارەزا و کەسانێک کە کاریان لەسەر بابەتەکە کردووە ناتوانین "تیژتێپەڕانەیش" خۆمان لە قەرەی بابەتەکە بدەین، چونکە مێژووی ئێمە لێوانلێو نییە لە رۆشنبیر، رۆشنبیرگەلێک دنیای ئێمەیان گۆڕیبێت. بەردەوام قسەیان هەبووبێت. دنیای ئێمەیان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر بردبێت. دنیای ئێمە هەمیشە دنیایەکە کارلێکراو. هەرگیز دنیای ئێمە دنیایەکی بکەر نەبووە. هەر نەبێ لە مێژووی نوێماندا، هەمیشە دنیای ئێمە دنیایەک بووە کارلێکراو. دنیایەک نەک هەر رۆشنبیریی، هونەر و کولتووری، بەڵکو چارەنووسی و هەموو ئاستەکانی تری ژیان لە دەرەوەی ویستی خۆی بڕیاری لەسەر دراوە. بۆیە قسەکردن لەسەر رۆشنبیر "بوون و نەبوون" بۆ ئێمە لە بابەتە زۆر پێچیدەکانە.

یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی دنیای ئێمە نەبوونی گوهداری و گوێ لە یەک نەگرتنە

لە چوارچێوەی پێناسەی نوژەندا:

رۆشنبیر، "ئینتەلەکتویەل-حاڵیبوون، تێگەیشتن" کەسێکە لە ئەنجامی خوێندن و خوەندەبوون، کار و بەرهەم،

کەسایەتی شارەزا و هونەری لە خۆدا بەرجەستە دەکات.

دیارە ئەمە زۆر بە کورتی. چونکە پێناسەی رۆشنبیر لەو چوارچێوەیەدا بابەتێکە درێژ و قسەی زۆری لەسەر کراوە. سەبارەت بەوەی رۆشنبیر کێیە و کێ رۆشنبیرە، ئەوروپاییگەل قسەی زۆریان کردووە و کتێبی زۆریان نووسیوە ، دیارە ئێمە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەرهەم و بۆچوونانە بێ ئاگاین. جا ئیتر حاڵی دەبین خۆ بە رۆشنبیر زان، گەڕەک و شار بە رۆشنبیر زان، کارەساتێکی چەند گەورەی نەزانین و بێ ئاگاهییە.

لە وڵاتی ئێمە بۆچ چینی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. چونکە کەسانێک لە ژیاندا جگە لە کتێبگەلی قوتابخانە شتێکی تری ئەوتۆیان نەخوێندبێتەوە، تەماشای فیلم و بەڵگەگەل نەکەن، دنیای دەرەوەی خۆیان نەدیبێ و بە چاوی سەرنج و حاڵیبوون تەماشایان نەکردبێ، سەختە لە ئاستی رۆشنبیراندا پۆلین بکرێن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مژارەیش وەکو زۆرینەی مژار و ئاستەکانی تری ژیان لای ئێمە تێکەڵ بووە و پێناسەی راستەقینەی لە دەست داوە، بۆیە ئاسان نییە تۆ بێیت و پێناسەی رۆشنبیر بکەیت و چاوەڕوان بیت گوهداریت بکەن. خۆی یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی دنیای ئێمە نەبوونی گوهداری و گوێ لە یەک نەگرتنە. گوێ لە یەکنەگرتنە وای کردووە ئێمە نەشێین کاری گەورە و بە کۆمەڵ بکەین. گوێنەگرتنە بووە بە هۆکار ئێمە تەنیاباڵ پرۆژەکانمان بخەینە رێ و خۆ لە کاری هاوبەش بدزینەوە. ئێمە دەتوانین قسە لەسەر ئەم بابەتە زۆر بکەین و پێکەوە بابەتی رۆشنبیر بوون و نەبوون یەککالا بکەینەوە، بەڵام دەبێ لە ئاخافتن و قسەکردندا گوێ لە یەکتر بگرین. کە من قسەم کرد داوای گوهداری لە تۆ دەکەم ، بەڵام بێگومان کە تۆیش قسەت کرد، نابێ من خۆم سەرقاڵ بکەم و خەیاڵم لە شوێنێکی تر و لە کن بابەتێکی تر بێت، مایەی ئازارە ئەمە لە وڵاتی ئێمە بووە بە دیاردەیەکی خەمناک.

بەڵام ئایا کە گوێنەگرتن و گوێنەدانە یەکتر بوو بە دیاردە ئیتر رووبەرێک بۆ وزە و هێزی رۆشنبیری دەمێنێتەوە؟

بە هیوای ئەوەی ئاست و جۆری پەروەردە لە نیشتمانی ئێمەیش رۆژێک وای لێ بێت رۆشنبیری زۆرمان بۆ بەرهەم بهێنێت.